کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-5-2007 0:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەیاننامەی کۆمەڵەی داکۆکی لەکەس و کاری شەهیدان

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان:
ئێمە کۆمەڵێك لەکوڕو کچ و برای شەهیدان لەڕێ ی ئەم بەیاننامەوە خۆمان ڕادەگەیەنین و دەستپێکی هەوڵ و کۆششی خۆمان بۆ دروست کردنی کۆمەڵەیەك بەناوی (کۆمەڵەی داکۆکی لەکەس و کاری شەهیدان) بەمەبەستی بەشکۆمەندی هێشتنەوەی گیانی پیرۆزیان و بەرز ڕاگرتنی خەبات و سەروەرییەکانی ئەوان و درێژەدان بەڕێبازی پڕ شکۆی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کەخاوەنی دەریایەك لەخوێنی شەهیدەکانی ئێمەیە بەیان دەکەین.
بنەماڵە بەڕێزەکان: ئێمە تەنها مەبەستمان لەدەوری یەك کۆبوونەوەی هەموومانەو ڕێکخراو بوونمانە لەدەوری کۆمەڵە، بەمەبەستی هەرچی زیاتر خزمەت کردنی بنەماڵەکانمان و ڕێگاگرتن لەهەر ناعەدالەتی یەك کە دەرهەق بەبەرخۆدان و خوێنی شەهیدەکانمان دەکرێ.
وەڕای دەگەیەنین ئێمە وەك کۆمەڵە بەدیلی هیچ دەزگایەکی حیزبی و حکومی بەتایبەت (دەزگای بەڕێزی شەهیدان) نین، وەهیچ کارێکی ئیداری لەئەستۆ ناگرین، بەڵکو تەنها دەمانەوێ پردی پەیوەندی بین لەنێوان کەسوکاری شەهیدان و حیزب و دەوڵەتدا وەداکۆکی کاری مافە ڕەواکانی کەسوکاری شەهیدان بین و لەکێشەوگرفتەکۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری یەکاندا بەپیر کەسوکاری شەهیدانەوە بچین و هەموو توانایەکمان لەو پێناوەدا بخەینە گەڕ.
بۆیە داوا لەسەرجەم کەسوکاری پلەیەکی شەهیدان دەکەین لە باوك و دایك کچ و کوڕ و خێزان و خوشك و برای شەهیدان، پەیوەست بن بەکۆمەڵەوەو بابە هەموومان ڕێکخراوێکی گەورە و بنکە فراوانی پڕ پیرۆزی دروست بکەین، کە ئێمە لەهەر کەسێکی تر زیاتر کەرەستەی بەرچاومان هەیە و ئەگەر یەکگرتوو تەباو ڕێکخراو بین، دەتوانین زۆر لەمافە خوراوو فەرامۆش کراوەکانمان بگێڕینەوە.
بەرزو پیرۆز بێ گیانی سەربەرزی شەهیدان
ژیانێکی باشتر بۆ خێزانی شەهیدان

کۆمەڵەی داکۆکی لەکەسوکاری شەهیدان

ژمارەی تەلەفۆنی هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە:

1. کاوە محمد محمد صاڵح 07701575142
2. عەتا ڕەشید محمد سەعید 07701923526
3. ئەنوەر تاهیر محمد 07701928997
4. سەیوان محمد عبدالقادر 07701204376

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.